**بۆ بەڕێز ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان**

**ب / دەست لە کار کێشانەوە**

**من کە لە خوارەوە ناو و واژووم هاتووە کاردەکەم وەك دادوەر لە دادگای بەرایی ئامێدی ، لەبەر نەبوونی داد پەروەری بەرامبەر بە مافی گشتی و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و جیاوازی کردن لە نێوان خەڵکی دەسەڵاتدار و بێدەسەلات و لاواز ، و ستەم کردن لە خودی خۆم ، لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە، دەست لە کار دەکێشمەوە لەبەر ئەو هۆیانەی لە هاوپێچدا هاتوون .**

**لەگەڵ ڕێزدا ...**

**داواکار**

**دادوەر**

**د. هاوژین حامد حسین**

**هاوپێچ :**

**( ٧ ) حەوت لا پەڕە لە هۆکاری دەست لەکار کێشانەوە.**

**وێنەیەك بۆ : دەزگاکانی ڕاگەیاندن**

## هۆكاری دەست لە كار كێشانەوە:

١ - دەستوەردانی سەرۆكی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی كەركوك/گەرمیان ، دادوەر " أكرم " و ئە نجومەنی دادوەری و سەرۆكەكەی، لە كاری دادوەری ، لە دۆسیەی بە ناو ئەنفال دا، ئەوەش دوای ئەوەی كە پاش ( ٤ ) سال لە گشتاندنی دەست گیر كردنی تۆمەتبارانی دۆسیەی ئەنفال تەنانەت ( ١ ) تۆمەتبار دەست گیر نەكراوە ، من وەك دادوەر لە پار ساڵ ( ٣ ) تۆمەتباری ئەو دۆسیەیەم دەستگیر و ڕاگیر كرد . بەلام ئەو " سەرۆك " دادگایە بە تەلەفون و ڕووبەڕوو وە چەندین جار بە ناوی خۆیەوە و جارێك بە ناوی ئە نجومەنی دادوەری و خودی سەرۆكی ئە نجومەن بە من دەڵێت كێشەی ئەنفال كۆتایی پێ بهێنە ودەڵێت بۆ ئەو كەسانەت دەست گیر كردووە. خودی ئەو سەرۆك دادگا وسەرۆكی ئە نجومەنی دادوەریش پێم دەڵێن كیشەت بۆ ئە نجومەنی دادوەری دروست كردووە، بە جولاندنی دۆسیەی ئەنفال!

سەرۆك دادگاكە بە من دەڵێت لەسەر گرتنی ئەو تۆمەتبارانە ( ڕا پۆرت بە هەموو دنیا دراوە لەسەرمان ) ... من دە پرسم ئەگەر گرتنی تۆمەتباری بكوژانی زیاد لە ( ١٨٢٠٠٠ ) كەس ڕا پۆرتی لێبدرێت ئەمە شانازییە یان سەرشۆڕیی ؟!! ئایا ڕا پۆرت بە كێ دراوە ؟؟! تەنها بە حزبی دەسەلات دراوە كە زۆر كاریان بۆ ئەو تۆمەتبارانە كرد وە بە تایبەت بۆ دژایەتی من وەك دادوەر ... وەك بەڵگەی دەنگیی تۆمارم لە لایە لەو بارەیەوە .

سەرۆكی ئە نجومەنی دادوەری و لە دیمانەیەك لەم چەند ڕۆژەی پێشوودا بە من دەڵێت ( ئێمەش زۆر زەختمان لەسەر بوو لەسەر دۆسیەی ئەنفال " واتا لەسەر دەستگیركردنی تۆمەتبارەكان " ) منیش وەك دادوەر هاوژین دەڵێم ( وەلامتان چی بوو بۆ ئەو زەختانە ؟ ئەوە بوو منتان نەقلٚ كرد بۆ سنوری توركیا " ئامێدی " ؟! )

ئەو " سەرۆك " دادگایە بە ناوی " أكرم " لە چەندین پەیوەندی تەلەفونی دا فشاری خستنە سەرم بۆ دۆسیەی ئەنفال ، كە پێم دەڵێت معالجەی بكە واتا تۆمەتباری ئەنفال !! دە پرسم معالجە چی یە ؟! منیش وتم دەیان جار بە پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆم وتوە كە ڕەوانەی بغداد بكرین بۆ دادگایی كردن . بەلام ئەو سەرۆك دادگایە و بە ناوی ئە نجومەنی دادوەری یەوە بە من دەلێت معالجەی بكە وتم " كاری من دەركردنی بڕیارە و كاری پۆلیس جێبەجێكردنە بەلام نایان بەن بۆ بەغداد" بەلام ئەو " سەرۆك " دادگایە دەڵێت ( **خۆت** ) معالجەی بكە ... من وەك دادوەر هاوژین دە پرسم " سەرەرای بونی بریاری دادگا " ئەگەر تۆمەتباری ئەنفال نەبردرێن بۆ بەغداد و ئەویش " أكرم " بلێت خۆت معالجەی بكە با ئەوەندە لە توقیف دا نەبن ، ئایا مانای ئەمە جگە لەبەردانیان دەبێت چی بێت ؟!!! ئایا ئە نجومەنی دادوەری هەرێم و دادگای گەرمیانی ( ئەنفالستان ) دەیەوێت تۆمەتباری ئەنفال بەربدەم !!! بەلام من پێم وت وە زیاد لە ( ٥ ) جار و لە تەلەفزیونیشدا وتم كە من سورم لەسەر گرتنی تۆمەتباری دۆسیەی ئەنفال ، بەلام لە مانگی ( ١٢ / ٢٠١٤ ) ئەو سەرۆك دادگایە وتی زەرەر دەكەیت سور بیت لەسەر ئەو قەناعەتە ، منیش وتم ئاسایی یە ، ئەوە بوو لە مانگی ( ٢٠١٥/٢ ) منیان گواستەوە بۆ سنوری توركیا ( ئامێدی ) بێ داواكاری خۆم، كە لە مێژووی ستەمی دادوەری دا ستەمی لەو جۆرە بەرامبەر هیچ دادوەرێك نەكراوە !!

شیاوی باسە لەسەر دۆسیەی نەگرتنی تۆمەتبارانی دۆسیەی ئەنفال ، فەرمانی دەستگیر كردنم بۆ بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرمیان دەركرد ، لەسەر ئەمەش ئەو " سەرۆك " دادگایە زۆر توڕە بوو وتی بۆ كاری لەو جۆرەت كردووە و بەڕێوەبەری ئاسایش ڕاست دەكات ئەم دۆسیەیە بڕیاری سیاسی دەوێت بۆ ئەوەی تۆمەتبارەكان دەستگیر بكرێن، منیش دەڵێم ئافەرین دادگا چاوەڕێی حزب بێت تۆمەتباری دۆسیەی خیانەت لە گەلێك بگرن . واتا دادگا فەرمان لە حزبەوە وەربگرێت نەك لە یاساوە . لەم كاتەدا دادوەر " سەیوان " و خاتوو چیمەن " ئەندامی داواكاری گشتی دانیشتبوون لە مانگی ( ٦ ) ی ٢٠١٤ لەژووری خۆمدا لە دادگای كفری .

٢ – دەستوەردانی سەرۆكی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی كەركوك/گەرمیان ، دادوەر " أكرم " لە كاری دادوەری لە ڕێگای پەیوەندی تەلەفونی، لەو دۆسیانەی پەیوەندی بە حزبی یەكێتی و ئاسایشەوە هەیە. بۆ نمونە لە دۆسیەی راگیركردنی كەسێك كە پلەی حزبی

هەیە لەگەڵ ( ٤ ) تۆمەتباری تر، کە بە ( ٥ ) چەکەوە چوونە سەر ماڵی سکاڵاکار و ( ٢ ) چەکیان بە ئەو کەسە حزبی یە بوو " بە گوێرەی بەڵگەی دۆسیەکە " ، وە هیچ یەکێك لە چەکەکان نەخرایە بەردەست دادگا و دەستی بەسەردا نەگیرا، ئەو سەرۆکی دادگایە بە من دەڵێت مادەکە کەفالەت دەیگرێتەوە بەریان بدە و دەڵێت قسە زۆر لەسەرت دەکرێت. دەپرسم ئایا ئەگەر " مبرز جرمی چەکەکە " دەست نەکەوێت و لە تاوانێکی هەرەشەدا و ( ٥ ) چەك هەبێت ئایا ئەگەر مەسەلە حزبایەتی نەبێت بۆ تەلەفون بۆ من دەکات ئەو " سەرۆك " دادگایە؟! دەڵێت بەریان بدە .

شیاوی باسە ئەو مفەوەزەی کە ئەو کەسە حزبییەی دەست گیر کرد بە پێی فەرمانی دادگا، پاش چەند رۆژێك لەلایەن پۆلیسی گەرمیانەوە گواستیانەوە بۆ شوێنێکی دوور !!!

٣ - دەستوەردانی سەرۆکی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی کەرکوك/گەرمیان ، دادوەر " أکرم " لە کاری دادوەری لە رێگای پەیوەندی تەلەفونی، لەو دۆسیانەی پەیوەندی بە حزبی یەکێتی و ئاسایشەوە هەیە. بۆ نمونە لە دۆسیەی بەڕێز بەڕێوەبەری پێشوتری ناحیەی کۆکس بەڕێز " عادل "، کە ئاسایشی کۆکس " ( بە بێ بڕیاری دادگا ) بەڵکو بەفەرمانی بنکەکەیان و فەرمانی بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرمیان "، ( ٢ ) کارمەندیان و ( ٢ ) کەسی مەدەنیشیان بردە سەر ماڵەکەی " لەشەودا " سوکایەتیان بە بەڕێزی کرد بە هەڵکوتانە سەر ماڵەکەی و تەقە کردن لە ناو حەوشەکەی دا و وەرگرتن و بردنی چەکی پاسەوانەکەی " پاشان گەڕاندنەوەی چەکەکە بە ئارەزوی خۆیان و بی بریاری دادگا لە سەرجەم تاوانەکەیاندا " ، هەموو ئەمانە لە دۆسیەی سکاڵاکار " عادل " نوسراون و بە زیادەوە ، ئەوە بوو دادگاکەمان رێوشوێنی خۆی گرتەبەر ، بەو پێیەی ئاسایش بە بی فەرمانی دادگا چووبوونە سەر مالی سکاڵاکار ، و تەنانەت دواتریش دادگایان ئاگادار نەکردەوە، لەبەر ئەوە دادگا ئەو کارەی بە تاوان لە کاتی کاری وەزیفی و ئەرکدا " أثناء الواجب و الوظیفة " ئەژمار نەکرد چونکە ئەرك و وەزیفە ئەوەیە بە گوێرەی ئسولی خۆی بکرێت نەك هەر کەس بە گوێرەی یاسا بۆی هەبێت چەك هەڵبگرێت هەستێت بە شکاندنی شکۆی خەڵکانی تر، لە ئەنجامدا فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ( ٤ ) کەسەکە دەرکرا، بە پشکنینی ماڵەکانیشیانەوە، وە لە کاتی هەوڵی گرتنی یەکێك لە مەدەنیەکان ئاسایشی کۆکس چەکیان لە پۆلیس ڕاکێشا و ووتیان بە فەرمانی بەڕیوەبەری ئاسایشی گەرمیان ناتوانن ئەم مەدەنییە بگرن ، ئەمە لە کاتێکدا پۆلیسی کۆکس فەرمانی دادگایان پێبووە بۆ گرتنی ئەو تۆمەتبارە مەدەنی یە .

بەڵام ئەو " سەرۆك " دادگایە بە من دەڵێت بۆچی رێوشوێنت لەبەرامبەر ئەو ئاسایش و مەدەنیانە گرتووە ، وە دەڵێت ئاسایش چۆتە سەر ماڵی ئەو بەڕێوەبەری ناحیەیە کە سەر بە حزبی ( سوشیالستە ) و و لە پەیوەندی یە تەلەفونی یەکەدا دەڵێت " مدیر ناحیەیەکی بێ ئەخلاق دەچێت ئیشی قۆر ئەکات " واتا مەبەستی کاری بەدڕەوشتی یە چونکە ئەو سەرۆك دادگایە لە ئاسایش ئەو مەسەلەیەی زانیوە و ئاسایشیش وتی کارمەندا نمات چونەتە سەر کەلاوەیەك کە کاری بەد ڕەوشتی تیا کراوە!! . وە دەڵێت مەدەنیەکان ( ٧٠ ) رۆژە راگیرکراون .

منیش وەك دادوەر " هاوژین " دەپرسم ئایا چۆن ئەو " سەرۆك " دادگایە زانی " ئافرەتی لەو جۆرە لای مدیر ناحیە هەبووە یاخود نا ؟ ئەمە ئاسایش پێی وتوە چونکە لە نوسراوی ئاسایشدا هاتووە کە چوونەتە سەر شوێنێك کاری بەدڕەوشتی تیا کراوە .

دەپرسم ئەگەر ئەو مدیر ناحیەیە سەر بە حزبی سوشیالست بێت یاخود نا ئایا چ پەیوەندی بە گرتنەبەری رێوشوێنی یاساییەوە هەیە؟ ئەمە من دەزانم پەیوەندی یەکە ئەوەیە کە بە گوێرەی قسەی ئەو مدیر ناحیەیە لە لای خۆم ئەو تاوانە سیاسی یە و لە دژی هەندێك جموجوڵی سوشیالیست بووە لە کۆکس لە کاتی چەنگی دژ بە " داعش " . وە ئایا سەرۆك دادگایەك دەکرێت بە بێ بەڵگە و دۆسیەیەك و لەسەر قسەی ئاسایشی برادەری بڵێت " مدیر ناحیەیەکی بێ ئەخلاق و کاری قۆری کردووە .!!!؟؟؟ ئایا ووشەی لەو جۆرە لە دادوەرێکەوە دەوترێت کە دەبێت نمونەی باڵای ڕەوشت بێت بۆ دادوەرانی تری وەك من بۆ نمونە ؟!

ئەو " سەرۆك " دادگایە  بە من دەڵێت ئاسایش " تەنانـەت " لـە كـاتی وەزیفـە تـاوان بكـات یـان لـە دەرەوەی كـاتی وەزیفـی تـاوان ئە نجامبدات، ئەوە دەبێت لە ڕێگای مەرجەعیەوە دەست گیر بكرێت. منـیش وەك دادوەر " هـاوژین " دەپرسـم ئەگـەر كەسـێك كارمەنـدی ئاسایش بێت و لەسەر قەرزاری یان لەسەر منداڵەكەی یان هەر هۆیەك لە دەرەوەی كاری وەزیفـی تاوانێـك بكـات، ئایـا بـە چ یاسـایەك ئاسایش دەبێت مەرجەعی ڕازی بێت ئەوكات بگیرێت ؟ ئایا یاسایەك لەو جۆرە هەیە ؟!! نەخێر ، هـیچ دەقێـك نییـە بڵێـت ئاسـایش لـە دەرەوەی كاری وەزیفیش تاوان بكات دەبێت تەنها لە ڕێگای مەرجەوە بگیردرێت ، بێگومان مەگەر دەقـی حزبـی ئـەوە فـەرز بكـات لەگـەڵ دەقی ئەو  " سەرۆك " دادگایە !!

سەروو ئەمانەش هیچ كەسێك ( ٧٠ ) ڕۆژ ڕاگیر نەكراوە لە دادگای كفری !!!!

٤ - دەستوەردانی سەرۆكی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی كەركوك/گەرمیان ، دادوەر " أكـرم " لـە كـاری دادوەری لـە ڕێگـای پەیوەنـدی تەلەفونی، لەو دۆسیانەی پەیوەندی بە حزبی یەكێتی و ئاسایشەوە هەیە. بۆ نمونە لە دۆسیەی پۆلیسی دارستان و بریكاری وەزارەتـی ناوخۆ بە ناوی " جلال " .

پوختەی دۆسیەكە : **بەندە وەك دادوەر هەستام بە ڕێگە گرتن لە دەست وەردانـی حزبـی لـە كـاری دادگـا** ( ئەمـەش بـە هـۆی دەركردنی فەرمانی دەستگیر كردن بۆ یەكێك لە  بریكارانی وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی دارسـتانی كفـری ، كـە بە بێ پاساو دوو كەسیان شاردەوە كە سەر بە حزبێكی دەسەلاَت بوون " دوو كەسەكە بە گـوێرەی پـەڕاوەی لێكۆڵینـەوە فـەرمانی گرتنیان هەبوو بە  پێی مادەی ( ٤٠٥ / ٣١ ) سزاكان " بە هۆی چەك ڕاكێشان دژی دوو كەسی ئۆپۆزسیۆنی " گۆڕان " ئەوكاتە بـە مەبەستی كوشتنیان ) .

دیـارە ئەگـەر مەبەسـت لـە دادوەری چەسـپاندنی داد بێـت ئـەوە مـن وەك دادوەر بـە ئـەو كـارە هەسـتاوم ، هەڵبەتـە ئـەو دوو تومەتبارەی داواكراو بوون بە  پێی مادەی ( ٤٠٥ / ٣١ )ی سزاكان چەندین جـار جـەختم كـردەوە لەسـەر گرتنیـان و پشكنین لـە مالەكانیان بۆ چەند جاریك ئە نجام درا بۆ گرتنیان ، ئەمانە سوودیان نەبوو ، دواتـر ئاگـادار بـووین كـە ئـەو دوو تومـەتبارە پولیسن " نەك ئەفسەر " و تاوانەكانیان لە كاتی وەزیفەدا ئە نجام نەدابوو ، بۆیە داوامان كرد بە نوسراو و بە تەلەفون " لـە ڕیگای پۆلیسی كفرییەوە " كە ئەو تۆمەتبارانە تەسلیم بكرێن لەلایەن پۆلیسی دارستانی كفری ، بەلاَم وتیان " بـە نوسـراو " سەروو خۆمان ئاگادار كردۆتەوە ، نوسیمان بۆیان كە موافەقەتی مەرجەعی ناوێت ... بیـان نێـرن ، بـەلاَم هـەر نـەیان نـارد ، لەبەر ئەوە و بە پێی ئەوەی بە  پێی یاسا دەسەلاَتی دادگا بەسەر حكومەتیشەوە هەیە و  پشكنین بۆ هـەموو جێگایـەكی حكومیش ئـە نجام دەدرێت ، لەبـەر ئـەوە هـیچ ڕێگایـەك لەبەردەمماندا نـەما ، و لـە ڕێگـای بنكـەی پۆلیسـی كفرییـەوە دەرچـووین بـە ڕێكوپێكی داوای ڕادەست كردنی تۆمەتبارانم كرد بەلاَم وتیان بریكاری وەزیر ئـەلێت دەریـان بكـەن و تەقـە بكـەن . ئـەوە بـوو دەرچووین و هیچ كیشەیەك ڕووی نەدا ، وە تۆمەتبارەكانیش ڕادەستمان نەكرا .

تەنها بۆ بەڕێز ئە نجومەنی دادوەری ئەم ڕوون كردنەوەیە  پێویستە بیدەم ( ئایا جوانـە تۆمـەتبارێك كـە لەسـەر حزبایـەتی شەری كردووە و دادگا نەیگرێت و لە ڕاگەیاندنەكاندا بوترێت حزب دەستی دادگای گرتووە ؟ تەنها بۆ بـەڕیزیان ڕوون دەكەمـەوە كە هۆی دەرچونی من وەك دادوەر لە دادگا و ڕۆشتنم بۆ لای پۆلیسی دارستان ئـەوە بـوو كـە دەمزانـی پولیسی كفری چـەكدارە و پۆلیسی دارستان چەكدارە و هەردوو لایەنی پۆلیس بە لایانەوە قورسـە بەرامبـەر یـەكتری كارێـك ئـە نجام بـدەن تەنانـەت بـە بڕیاری دادگاش بێت ، لەبەر ئەوە من دەرچووم هەتـا پۆلیسی دارستان حساب بكات كە دادگا هاتووە و بە ئـاسـایی وەرییگـرن كـە بنكەی پۆلیسی كفری چۆتە سەریان و مەسەلەكە كێشەی لێ نەكەوێتەوە ،  ئایا ئەمـە خـراپ بـووە مـن كردوومـە ؟ تـەنها ( ٣ ) ڕێگا هەبوو :

یەکەمیان دوو تۆمەتبار " لەسەر کێشەی حزبی " بسورێنەوە بە کفری دا و دادگا بایەخی نەمێنێت .

دووەمیان بە هەر ڕێگایەك بێت پۆلیسی محلی کفری " بە بیّ دادوەر " بڕۆشتایەتە سەر پولیسی دارستانی کفری و ئەو دوو پۆلیسە بگرێت لە ناو پۆلیسی دارستان " ئەمەش دەکرا ڕووبەڕووبونەوەی لیّ بکەوێتەوە لە نێوان هەردوو لایەنی پۆلیسدا " کە چەکدارن !

سێهەمیان من وەك دادوەر بڕۆم بۆ ئەوەی لە لایەك تۆمەتبارەکان بگرین و لە لایەك کێشەیەك دروست نەبێت لە نێوان دوو لایەنی چەکدار کە پۆلیسن .

ئایا ڕۆشتنەکەم باش بووە یان ڕێگاکانی تر ؟! ئەو وەلامە بۆ یەڕێز ئە نجومەنی دادوەری و خەلّکانی ڕاستپەروەر جیّ دەهێلّم کە شیاوی سزام یان لەسەر ئەرك و ماندوو بوون و مەترسی لەسەر ژیانی خۆم ئەو کارەم کردووە پیویستە ڕێز لە کارەکەم بگرن ؟! جێی سەرنجە هەمان پۆلیسی دارستان لەسەر کێشەیەکی دیکە ( کێشەی " دزی کردن " ) بە یەك نوسراو چەند پۆلیسێکیان " کە تومەتبار بوون " ڕا دەست کرد کە داوامان کردبوو و نەیان وت موافەقەتی مەرجەع ، بۆچی ؟ چونکە کێشەی دزی یەکە پەیوەندی بە حزبەوە نەبوو .

سەروو ئەمانەش بە پێی " قانون أصول المحاکمات الجزائیة " دادوەر دەسەلاتی چوونە دەرەوەی هەیە تەنانەت بۆ دەرەوەی ناوچەی تاییە تمەندی شوینی خۆی . ئەوەی من کردوومە لە ناوچەی دەسەلاتی خۆم بووە ، ئایا دادوەرێك بۆ مەبەستێکی پیرۆز لە دادگاکەی بچێتە دەرەوە و بە پێی دەقێکی یاسایی ، پیویستە سزا بدرێت ؟! کە کارەکە بۆ پشکنین بووە لە پۆلیسی دارستانی کفری .

٥ - پاش ئەوەی چەند بارەگایەکی حزبی کە بە تەقەی " خۆشی " خەلّکی کفرییان بێزار کردبوو و ڕێگای گشتیان گرتبوو و ڕێگایان تەنانەت لە بنکەی پۆلیس گرت لە شەودا کە بچێتە سەر یەکێك لە ڕێگاکان( جادە )، " بۆ مەبەستی کاری دۆسیەیەك " من وەك دادوەر ئاگاداری بارەگاکانم کردەوە بە فەرمی و ڕێوشوێنم گرتەبەر بە پێی مادەی ( ٣١٧ الأصولیة ) .شیاوی باسە لە کاتژمێر یەکی شەودا ویستم بچمە کفری لە کاتێکدا لە سلیمانی بووم لە کاتی پشودا بووم ، بەلّام پۆلیس ئاگاداری کردمەوە کە کیشەکە هێور بۆتەوە ، لەبەر ئەوە لە شەودا نەچووم بۆ کفری. لە ڕاستی دا خەمی من تەنها پاراستنی گیانی خەلّکی کفری بوو کە چەندین جار بە تەقەی خۆشی خەلّك کوژراون " لە کوردستاندا " کە تەنانەت نەزانراوە کیّ تەقەی کردووە ...... وە لەئە نجامدا ڕێوشوێنی یاساییم گرتەبەر دژ بە بەرپرسی بارەگاکان . لەسەر ئەم بابەتەش ، ئەو " سەرۆك " دادگایە بە من دەلّێت کاری قایمقامە نەك تۆ ، وە ئەمەی کردە هۆیەك بۆ سزادانم ، پاش ئەوەی چەندین جار سەرزەنشتی کردم لەسەر ئەو کارەی لەسەر مەترسی لەسەر ژیانی خۆم کردم نەك پشت بە ئە نجومەنی دادوەری یان ئەو سەرۆك دادگایە ، لەبەر ئەوەی دەزانم چۆن کار دەکەن ! ئایا کام قایمقامە کاری کردوە بۆ بە فعلی نەهێشتنی تەقەی خۆشی؟! بەلام من تەقەی خۆشیم لە کفری نەهێشت وەك دادوەر ، ئایا بەڕێز ئە نجومەنی " دادوەری " ئەم کارەی من خراپە ؟!

دەپرسم ئەگەر بە گوێرەی مادەی ( ٣١٧ الاصولیە ) کارێك بکەم و بەبیّ لایەنگری جگە بۆ داد پەروەری ، پێویستە سزا بدرێم؟!

٦ - هەمان بریکاری وەزارەتی ناوخۆی سەرەوە دۆسیەی لەسەر کرایەوە بە پێی مادەی ( ٣٢٦ ) ی سزاکان ، بەلام لە لایەن ئە نجومەنی دادوەری هیچ لێدوان یان ئاگادار کردنەوەیەك نەکرا " وەك ئاشکرایە لە بریارێکدا " بۆ حکومەت یان بەڕێز

سەرۆکی هەرێم یان پەرلەمان ، لە بارەی تەداخول کردنی دەسەلاتی جێبەجێ کردن لە کاری دادگا " کە دەوترێت دەسەلاتیکی سەربەخۆیە " ، لەمەش سەیر تر سزای دادوەرەکە درا کە منم .

ئەم دۆسیەیە بریتی یە لەوەی ( ئەفسەرێك فەرمانی دەستگیر کردنی بۆ دەرچوو ) وەزیری ناوخۆ رەزامەندی لەسەر دەستگیر کردنی دەربڕی و دادگا فەرمانی دەستگیر کردنی دا بە پولیسی کفری ، بەلاَم ئەو بریکارە بە بەرقیەیەك بە پۆلیسی کفری وت نابێت بیگرن ، واتا بڕیاری وەزیری ناوخۆی خۆی و فەرمانی دادگای شکاند ( لە کاتێکدا خۆی تەمەتبار بوو لەگەڵ ئەو ئەفسەرە ) .

مادەی ( ٣٢٦ ) لەم بارەدا دەستوەردانی دەسەلاتی جێبەجێکردن بوو لە دەسەلاتی دادوەری ، وە من فەرمانی دەستگیر کردنم دەرکرد بە ئسولی بۆ ئەو بریکاری وەزارەتی ناوخۆیە ، بەلاَم دەستەی فراوانی دادگای پێداچونەوەی هەرێم بە ( ٧ ) دادوەر و بە ( اتفاق ) وتیان : ئەم کارەی بریکار " جلال " کردویەتی ترسناك نی یە و نابێت فەرمانی دەست گیر کردنی بۆ دەربچێت ، بەڵکو لە ناو بڕیارەکەیاندا سزای منیان دا وەك دادوەر ، هیچ رێوشوێنێکی تریان نەگرت دژ بەو بریکارە بە ئاگادار کردنەوەی پەرلەمان یان حکومەت یان سەرۆکی هەرێم بە رێگە گرتن لە دەستوەردان لەکاری دادوەری. چونکە کەسیك لە دادگاوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەربچێت نابێت هیچ کەسێك رای بگرێت ( ئەمە لە کاتێکدا ئەو بریکارە لە هەمان دۆسیە تۆمەتبارەوە لەگەڵ ئەو ئەفسەرەدا )".

دەپرسم ئایا ئەگەر وەستاندنی بڕیاری دادگا و کەلەبچە کردنی بڕیارەکانی لەلایەن بریکاری وەزیرێکەوە ترسناك نەبێت ، ئیتر چی ترسناکە لەبەر چاوی ئە نجومەنی دادوەری و ئەو " سەرۆك " دادگایە ؟!!! لە کوێیە سەربەخۆیی دادگا !!

٧- ئەو " سەرۆك " دادگایە و ئە نجومەنی دادوەری سزام دەدەن لەسەر ئەوەی کە لە T.V قسەم کردووە :

جێی باسە ئەگەر گلەی لەسەر من ئەوە بێت لە ( T.V ) م قسە کردووە ، ئەوە هیچ دەقێك نی یە لەسەر قسە نەکردن کە بلێت دادوەر نابیت بەو جۆرە قسە بکات یان هۆشداریم بداتی بە دووبارە نەکردنەوە ، لە کاتێکدا لە مانگی ( ٥ ) ی ٢٠١٤ ئەوە روویداوە !! و تاوانەکە بینراو بوو و من بە پێی دەسەلاتی دادوەریی خۆم دەرچوو بووم واتا دەق هەیە لەسەر چوونە دەرەوەی دادوەر . وە بە گوێرەی دەستور و یاسای کاری رۆژنامەوانی و یاسای دەسەلاتی دادوەری دەق نی یە لەسەر قسە نەکردنی دادوەر لە T.V ، وە مافێك بە دەستور درابێت یاخود یاسا ، ئەوە تەنانەت رێنمایی ئە نجومەنی دادوەری یاخود حکومەتیش ناتوانێت بیوەستێنێت . وە ئەوەش بلێم کە یەك جار قسە کردن روویدا لە لایەن منەوە !! دادوەرەکانی ئە نجومەنی دادوەری – وەك هەموو دونیا – رۆژانە چەندین هەڵەی بڕیاردان ئە نجام دەدەن و کێشەش نی یە لای ئە نجومەنی دادوەری ، بەلاَم ئەوەی من دەست بردن بوو بۆ دۆسیە حزبی و بڤەکان لەبەر ئەوە تورە بوون .

ئەگەر مەبەست لەدەستدانی بێلایەنی بێت لە لایەن منەوە ، ئەوە ئەگەر لایەنگیری یان بێزارییەکی شەخسی لەسەر تاوانەکە لای من هەبوایە لەو کاتەوە من تەنها یەك سکالاَم تۆمار نەکردووە لەسەر چەندین تاوان کە بەرامبەر خۆشم ئە نجامدرا بە هۆی ئەو کێشەیەوە ، لەوانە باسکردنم لەلایەن کەناڵێکی حزبی یەکێتی ( گەلی کوردستان ) و بەشی دارستانی کفری و بەیوەبەرایەتی پولیسی دارستانی گەرمیان و ئەو بریکاری وەزیرە ..... ئەگەر بوترێت گومان دەکرێت لەسەر عەدالەتی من کە لە T.V قسەم کردووە ، خۆ دەبوو لەو کاتەوە سکالایەك تۆمار بکەم لەسەر کەسێك لەوانەی سەرەوە کە ( ٩ ) مانگی بەسەردا چووە .

٨ – له ئه نجامدا من هیچ یەكێك لەو فشارانەم قەبوڵ نەكرد و سەرجەم ئەو قسە بێدادانەی سەرۆكی دادگای گەرمیان و ئه نجومەنی دادوەری ویستی ، هەموویان ڕەتكردەوە و ئەو كارەی حەق و داد ویستی ئه نجامىدا ، بەڵام لە كۆتاییدا لە ( ١٩ / ٢ / ٢٠١٥ ) فەرمانی گواستنەوەی ڕاژەی منیاندا بۆ ئامێدی لە كفری یەوە ، بێگومان وەك سزا ، بەڵام :
یەكەم / سزای گواستنەوە لە یاسادا نی یە بۆ هیچ فەرمانبەرێك .
دووەم / ئەگەر لەبەر پێویستی بێت ئەوە لە هەمان بڕیار و ڕۆژدا ( ٢٥ ) دادوەری نوێ دامەزراوە ، بەگوێرەی یاسا دەبێت دادوەر بۆ پڕكردنەوەی پێویستی دا بمەزرێت ، كەواتە بۆچی لە ئەو ( ٢٥ ) دادوەرە نوێیە كەسێك لە ئامێدی دانەمەزرا ؟!!
سێهەم / ئایا هیچ خاڵێكی خراپ و نەرێنیی شەخشی وەك مەسەلەی ئافرەت و بەرتیل و سلوكی ناشرین و ..... لەسەر من هەیە ؟!! نەخێر هیچ شتێك نی یە .... چونكە ئەگەر هەبوایە ئەوە لە مێژە حزب و دادگا حزبیەكەی گەرمیان لە دژی من دەیان كرد .
كەواتە هۆی گواستنەوەی ڕاژەكەم ئەو دۆسیانەیە كە جوڵاندوومە و " سەرۆك " ی دادگای گەرمیان لە دوا قسەی دا پێی وتم زەرەر دەكەیت لەسەر ئەو دۆسیانە ، كە ئاوا سوریت لەسەری !! ئەمەش لە دوا دیمانەم لەگەڵی لە مانگی ( ١٢ / ٢٠١٤ ) بە شاهدی دادوەر ( سەیوان ) .
٩ – یەكێك لەو هۆكارانەی كە بوو بە هۆی سزادانم ، ئەوە بوو پاش ئاگادار كردنم بەوەی تۆمەتبارێكی دۆسیەی ( ١٧ی شوبات و ڕۆژانی دوایی ) لەسنوری گەرمیان ، لەو كاتەدا لە یەكێك لە گوندەكانی سەر بە سەقەڵای سەر بەكفری نیشتەجێ یە ، ڕاستەوخۆ ڕێوشوێنم گرتەبەر بە ئاگادار كردنەوەی پۆلیسی سەرقەڵا و بەوەی ڕێگە نادەم ئەو تۆمەتبارە كە فەرمانی گرتنی هەیە بسوڕێتەوە بە ئازادیی ، بەلام پۆلیس وتی ڕاستە ئەو كەسە هەیە لە سنورەكەمان بەڵام فەرمانی گرتنی نەهاتووە بۆ ئێمە .... منیش ڕێوشوێنم نەگرتەبەر لەبەر نەبوونی فەرمانی گرتن یان سكالایەك لە كفری ...... لە كۆتاییدا ئەمەش ڕقی نادۆستانی داد و حەقی توندتر كرد لەسەرم وەك دادوەر، بوو بە هۆیەكی دیكە بۆ سزادانم !!!
١٠ – ئەو " سەرۆك " دادگای گەرمیانە بە من دەڵێت ، تۆ شتت لەسەر چۆتە شوێنی خۆی و ڕا پۆرتت لەسەر دراوە، ئایا منیش دەپرسم شوێنی من جگە لە ئه نجومەنی دادوەری كوێی تر هەیە ؟! دیارە حزبەكەی خۆی مەبەستە كە باڵا دەستە لەو ناوچەیە .
١١ – ئەو سەرۆك دادگایە دەڵێت بڕیارێك بدە بۆت جی بە جێ بكرێت ، بۆنمونە بڕیار لەسەر جلالی شێخ كریم و ئەفسەری دارستان و سەرۆك شارەوانی و قایمقام و ئاسایش، دەدەیت بۆت جێبەجێ ناكرێت . كەواتە منیش وەك دادوەر هاوژین دەڵێم دادگای كوردستان دیارە بۆ كەسی بێ دەسەڵات و فەقیرە ، دادوەریی كردن بۆ فەقیرەكان - بە تەنها - ، تاوانێكی گەورەیە، من بۆم ناكرێت .
١٢ - بە پێی یاسا و ڕینماییەكان دادوەر ئەگەر بڕوانامەی دكتۆرای هەبێت، ئەوە ( ٥٠٪ )ی موچەی بنەڕەتی بۆ خەرج دەكرێت، سەرجەم ئەو دادوەرانەی ( لەگەل من دامەزراون و شیاوی ئەم دەرماڵەیەن ) لە ڕۆژی دەست بەكاربوونیانەوە لە مانگی ( ١ / ٢٠١٤ ) ئەو دەرماڵەیە خەرج كراوە بۆیان ، تەنانەت بە بێ ئەوەی داواكاریش بنوسن بۆ خەرج كردنی ...
بەلام من كە لەگەڵ هەمان ئەو دادوەرانە دامەزراوم لە مانگی ( ١ / ٢٠١٤ ) ەوە دەستبەكار بووم ، هەتا بەرواری نوسینی ئەم دەست لەكار كێشانەوەیە تەنها یەك دینار خەرج نەكراوە بۆم .
سەرەتا بە نوسراو لە مانگی ( ٣ / ٢٠١٤ ) داوام كرد بۆم خەرج بكرێت ، و هەواڵیم نەپرسی ( چونكە بە هیچ جۆرێك پارە لەلام گرنگ نی یە لە كاری دادوەری ) ئەوە لە مانگی ( ٩ / ٢٠١٤ ) تەلەفونێكم كرد بۆ دادگای گەرمیان ، وە لە وەلامدا وتیان داواكارییەكەت لە ئه نجومەنی دادوەری ڕەفز كراوە . ئەوەبوو لە هەمان مانگ داواكاری دووەمم نوسی ، بەلام لە ( ٢٣ / ١٢ /

٢٠١٤ ) ئه نجومەنی دادوەری بڕیاری دا بەوەی دەرماڵەکەم بۆ خەرج بکرێت بەلاّم لـە رۆژی ( ٢٣ / ١٢ / ٢٠١٤ ) ەوە ئـەژمار بکرێت ، منیش دووبارە بیّ دادی دادگای گەرمیان و ئه نجومەنی دادوەری لەمەشدا دەخەمە ڕوو لەبەرامبەرمدا :

یەکەم: لە دادگاکـانی تـردا ئـەو دەرماڵەیـەدا لـە نـاو دادگـای تێهەڵچوونەوەدا خـەرج کـراوە و بڕیـاری تـاکی( قـرار فـردی ) نەویستووە و نایەوێت ، بەلاّم بۆ من ، سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی گەرمیان وتی دەبێت فەرمان لە ئه نجومەنی دادوەرییـەوە دەربچێت !! بیّ گومان دەیویست ئازارم بدات ( بە ڕای خۆی !! )

دووەم: ڕێنمایی خەرج کردنی ئەو دەرماڵەیە لە پێش دامەزراندنی منەوە دەرچووە، واتا لە رۆژی دەست لەکار بـوونی مـن بـوونی هەبووە و دەبوایە ئه نجومەنی دادوەری لە رۆژی دەست بەکار بوونمەوە خەرجی بکردایە ، بەلاّم لە ( ٢٣ / ١٢ / ٢٠١٤ ) خـەرجیان کرد . کە ئەمە پێچەوانەی داد پەروەری و یاسایە و ستەمە لە دادوەرێك کراوە .

سێیەم: ئەو ئەندامانەی ئه نجومەنی دادوەری، تیایاندا هەیە ، لە هەمان کاتدا سەرۆکی دادگای تێهەلچونەوەیە لە سلێمانی و دهۆك و هەولێر ، و دادوەرەکانی لای خۆیان لە رۆژی دەست بەکار بوونەوە بۆیـان خـەرج کـردوون ، ئایـا لـە کـاتی بڕیاردانیـان لەسەر دەرمالەکەی من ، نەیان دەزانی ساڵێکە بـۆ دادوەرەکـانی خۆیـان خـەرجیان کـردووە ؟!!! ئایـا ئه نجومـەنی دادوەری بـەم جۆرە تەرازووی حەق هەڵدەگرێت ؟!!

چوارەم: دوای ئەو بڕیارە نا دادە ، هەستام بە تانەدان لێی بە شێوەی یاسایی ( التظلم ) ، لە بـەرواری ( ١ / ٢ / ٢٠١٥ ) ، پـاش ئاگادار کردنەوەم بە فەرمی بە بڕیارەکە ، بەلاّم پـاش چـەندین کۆبونـەوە هـەتا ئێسـتا وەلاّمـی نەدراوەتـەوە و پـاش پرسـیار کردنم " تەنانەت لە دوا کۆبونەوەشدا " دەڵێن دوا خراوە ....!!!

پێنجەم: لە هەمووی سەیر تر پاش سەردان کردنم لە رۆژی ( ٨ / ٤ / ٢٠١٥ ) بۆ وەرگرتنی مووچـەی مـانگی ( ١ / ٢٠١٥ ) پێیـان وتم کە هێشتا دەرماڵەکەم بۆ نەبەستراوە لەلایەن دادگای گەرمیان ( دادوەر أکرم ) ، ئەمە سەرەرای ئەوەی لـە ( ٢٣ / ١٢ / ٢٠١٤ )ەوە بڕیاری ئه نجومەنی دادوەری هەیە بۆم خەرج بکرێت . بۆچی ؟ لەبەر ئەوەی ( دادوەر أکرم ) تورەیە لێم !!!

ئایــا دەکرێــت دادوەر تــوڕە بێــت و بــە حــەز و ئــارەزوو کــار بکــات ؟!! وەك چــۆن لــە ناوەڕاســتی ســاڵی ( ٢٠١٤ ) دادوەر أکرم لە پەیوەندی تەلەفونی تۆمار کراودا لە لام ، پێم دەڵێت ئه نجومەنی دادوەری توڕەیە لێت ( واتـا لە مـن ) ..... سەرسوڕهێنەرە ئه نجومەنی دادوەری بە توڕەیـەوە لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی ( ٢٠١٤ ) ەوە دەیـەوێت سـزام بـدات ، بـەلاّم خـۆڵ دەخەنە چاوی خەڵکەوە و دەڵێن لە ( ١٩ / ٢ / ٢٠١٥ ) بۆ پێداویستی نەقلمان کردویت بـۆ ئامێـدی . ئایـا دەبێت ئه نجومـەنێکی لەو جۆرە توڕە بێت و بڕیار بدات ؟!!

١١ – هەر بۆیە پاش ئەوەی کە بەو فەرمانی گواستنەوەیەم زانی ، شەرمم کرد لە دادگای گـەرمیان دەوام بکـەم "سـەرۆك"ی لـەو جۆرەی تێدا بێت ، وتم ئەگەر ئه نجومەنی دادوەری نا دادی لە من بوێت لەبـەر بـیّ دەسـەلاّتیان لەبەرامبـەر حـزب و ئـاسایش و بریکاری وەزیری ناوخۆیەك و لە دۆسیەی ئەنفالدا و دۆسیەی مدیر ناحیەیەك کە حورمـەتی کەسـیی و ئـازادیی شکێنرا . ئـەوە بگاتە ڕادەیەك سزای خۆشم بدەم ، ئەوە بڕیاری دەست لەکار کێشانەوەم دا ، لەو رۆژەوە چەند رۆژێك مولـەتی خـۆمم وەرگـرت و چەند رۆژێکیش کە حەقی مۆلەتم هەبوو مولەتم پێنەدرا و کرا بە غائب بوون..... پاش تەداخول کردنی ئەنـدام پەرلـەمان و چەند کەسێك وتیان دەست لەکار مەکێشـەوە ، ئـەوە بـوو سـەرۆکی ئه نجومـەنی دادوەری لـە چـەند رۆژی پێشـوو دیمانـەی کـرد لەگەڵم وتی دەست بەکار بە لە ئامێدی و پاش چەند رۆژێك داوای گواستنەوەی راژەکەت بکە ... خۆم بۆت چاك دەکەم ... منـیش ڕازی بووم ... بەلاّم بەو جۆرەم کرد ... دواتر داواکاریم نارد ( بۆ گواستنەوەی راژەکەم بۆ سلێمانی ) و ئه نجومـەنی دادوەری بـە

بیانوی زۆری کارەوە ، داواکاری گواستنەوەی ڕاژەکەمی دواخست بۆ کاتێکی نادیار ... بۆیە دیارە دەویستریت بە تەواوی سزام بدەن ئەگەرنا داواکاری من دراسەی ناوێت و ڕوونە و هەموو ئە نجومەن دەیزانێت . لە کاتێکدا سەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری بە منی وت چەند ڕۆژ دوای دەست بەکار بوون داوای نەقل بکە خۆم بۆت چاك دەکەم و نەیوت هەفتەیەکیش . بەلام لە کۆبونەوەکەدا کە دوای نزیکەی هەفتەیەك کرا و " بە بیانوی ئەجندای کاری کۆبونەوەکە " وتبووی دوای بخەن بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو !! ئایا دەکرێت سەرۆکی ئە نجومەنێك وەعدی خۆی نەباتە سەر !!!

ئایا ئەگەر لەبەر پێداویستی، من نەقل کرا بم بۆ ئامێدی ، ئیتر چۆن لە چەند ڕۆژێکدا سەرۆکی ئە نجومەن دەڵێت دەتگێڕمەوە بۆ سلێمانی ؟!!! ئایا ئەگەر بڕیاری گواستنەوەی ڕاژەی من بە گوێرەی یاسا و داد پەروەری بووە ، بۆچی دەکرێت ئە نجومەنی دادوەری پاش ( تەنها چەند ڕۆژێك لە جێبەجێ کردنی بە دەست بەکار بوونم ) سەرۆکەکەی بڵێت لە ئامێدی دەت گێڕمەوە ؟!!!

وە ئەگەر ئە نجومەنی دادوەری بەم جۆرە کار بکات و بیەوێت ئەو سوێندە بشکێنم کە خواردوومە ، وە لە دۆسیەی مافی ئەنفال کراوی شاخێك لە لاشە، دەست وەردانی وەزارەتی ناوخۆ لە کاری دادگا ...... و ئاسایش کە بە بێ فەرمانی دادگا کاریان کردووە لە کفری و بە بڕیاری سیاسی بجولینەوە و دادگا داری دەستیان بێت بۆ کاریك خۆیان بیانەوێت و کارێك حزب ڕێگە نەدات گوێ بۆ دادگا نەگرن ، وە ئە نجومەنی دادوەری لە جیاتی هەموو ئەمانەی سەرەوە لە جیاتی پیشگیری کردنم هەستێت بە سزادانم ، سەرەڕای ئەوەی گە نجترین دادوەرم لە عێراقدا کە بە تەمەنی ( ٣١ ) ساڵی دامەزراوم بە دادوەر بە بڕوانامەی دکتۆراوە و سەرەڕای ئەوەی بەردەوام هەتا کاژێر ( ٣ – ٤ ) ی عەسر دەوامم کردووە و ماندوبونم نەناسیوە و سەرجەم پەراوی بنکەکانم بردۆتەوە ماڵەوە کارم تیا کردووە بۆ ئەوەی دۆسیەیەك ژێر دەست نەکەوێت وە هەندێك کات هەتا ( ٥ )ی ئێوارە کارم کردووە لە ناو دادگای کفری دا . هەموو ئەمانە ئە نجومەنی دادوەری نەیبینێت و لەبەر خاتری خاتران سزام بدات بەو هەموو جۆرەی سەرەوە ، لەبەرئەوە کار کردن لەو ئە نجومەنە – هەتا ئەو کاتەی بەو جۆرە کار بکات – بە عەیبە دەزانم و داوای دەست لەکار کێشانەوە دەکەم و سەربەرز و سەلامەت دەربچم باشترە لەوەی حەقی خەلکی ستەملێکراوم نەتوانم بگەڕێنمەوە بۆ خاوەنەکەی .... خۆتان وتەنی ( دادگا هەر بۆ کەسی بێدەسەلات و فەقیرە ) .

وینەیەك بۆ : ڕاگەیاندنە بەڕێزەکان : لە کاتێکی نزیکدا بەڵگەی تۆماری دەنگی سەلمێنەر لەسەر قسەکانی سەرەوە دەخرێتە بەردەستان.

دادوەر

د. هاوژین حامد حسین

لە دادگای بەرایی ئامێدی

٨ /٢٠١٥/٤